پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شەوی ئیسرائدا دوو پەرداخی بۆ هێنرا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شەوی ئیسرائدا دوو پەرداخی بۆ هێنرا لە مەی (ئارەق) وشیر، سەیری هەردوویانی کرد، وشیرەکەی برد. جبریل فەرمووی: «الحمد لله که تۆی هیدایەت دا بۆ سەر فیترەت، ئەگەر (پەرداخی) مەیت ببردایە؛ ئومەتەکەت گومڕا دەبوون».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

جبریل هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شەوی ئیسرا ومیعراجدا -شەوڕەوی وبەرزبوونەوە- بەرەو ئاسمان؛ دوو پەرداخی پڕی بۆ هێنرا لە مەی (ئارەق) وشیر، (سەیری هەردوویانی کرد): وەکو ئەوە وابێت بژاردەی پێدرا بۆئەوەی دانەیەکیان هەڵبژێرێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئیلهامی پێبەخشرا بۆئەوەی پەرداخی شیرەکە هەڵبژێرێت، (وشیرەکەی برد. جبریل فەرمووی: الحمد لله که تۆی هیدایەت دا بۆ سەر فیترەت): واتا نیشانەی ئیسلام وئیسقامەت -پابەندبوون لەسەر ڕێگای ڕاستت- هەڵبژارد، وشیر ئاماژە بوو بۆ ئەم بژاردەیە چونکە پاکە وتامی خۆشە وسەرەنجامی خواردنەوەی باشە، پێی ووت: (ئەگەر مەی -ئارەقت- هەڵبژاردایە؛ ئەوا ئومەتەکەت گومڕا دەبوون).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10120